ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
12
25 ی ئایار / مەی 2021



# کۆنفرانسی دەستور و یەکرێزی!

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

ئۆکتۆبەر: ڕۆژی ١٩ ی ئایار لەسەر پێشنیاری نێچیرڤان بارزانی کۆبونەوەی ئەحزاب لە هەولێر بەڕێوەچووو بەناوی کۆنفرانسی یەکرێزی و دەستور، کەسی یەکەمی حزبە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکانی کوردستان تێدا بەشداربوون. قسەکانی زۆربەی سەرکردەی حزبەکان ستایشی نێچیرڤان و پێداگری بوو لەسەر یەکرێزی حزبەکانی بۆرژوازی کورد بە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیەوە تا بتوانن لەبەرامبەر بەغداو حکومەتی

بۆ لاپەڕە 3

# گرێکوێرەی بودجە!



موحسن کەریم

بڕیاربوو وەفدی حکومەتی هەرێم سەردانی بەغدا بکات بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی بەشە بودجەی هەرێم، بەڵام حکومەتی ناوەندی بەهۆی ئەوەی کە لیستی مووچەخۆرانی هەرێم و زانیاری لەسەر داهاتی نانەوتی هەرێمی پێ نەگەیشتوە سەردانەکەی هەڵوەشاندۆتەوە.

وەکو هەموو لایەک دەزانن دوای دەیان سەردانیکردنی بەغدا لەلایەن وەفدی حکومەتی هەرێمەوە بۆ چارەسەری کێشەی بودجەی هەرێم، سەرەنجام وەفدی هەرێم ئەوەی ڕاگەیاند کە هەردوولا لەسەر بەشەبودجەی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢١ ڕیک کەوتوون و چاوەڕێ دەکەن بەغدا

بۆ لاپەڕە 2

# هاوڕێ سالار جەبار، ناسراو بە سالاری ئاسنگەر، بۆ هەتاهەتایە جێیهێشتین!

بەداخ وحەسرەتێکی زۆرەوە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ٢٣ی ئایاری ٢٠٢١ هاوڕێ سالار جەبار ناسراو بە سالاری ئاسنگەر، کرێکاری کۆمۆنیست و ئەندامی کۆمیتەی سلێمانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ هەتا هەتایە چاوەکانی لێکناو جێی هێشتین.



بۆ لاپەڕە 5



# بەمەرگی هاوڕێ محمد مستەفا، حزبمان دۆستێکی خەمخۆری خۆی لەدەستدا!

بەداخ پەژارەیەکی زۆرەوە، ڕۆژی شەممە ٢٢ی ئایاری ٢٠٢١، محمد مستەفا، ناسراو بە محەمەدی موهەندس، بەهۆی نەخۆشی دڵ وکاریگەریەکانی کۆرۆناوە، لەشاری کەرکوک، گیانی لەدەستداو بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردین. هاوڕێ محمد کەسایەتیەکی مارکسی و چەپ و بەرگریکار لەئازادی

بۆ لاپەڕە 2

## مەسرور بارزانی لەنێوان ووتار و کرداردا!

دەشتی جەمال - لاپەڕە 6

## فشاری کونسوڵخانەکان، ڕەنگدانەوەی فشاری خەڵکە لەسەر پارتی ودەسەڵاتەکەی!

گفتوگۆ لەگەڵ جەمال موحسین - لاپەڕە 7

## نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان هوشداری لەبارەی ئایندەی هەرێمەوە دەدات!

عەبدوڵا مەحمود وەڵامی پرسیاری ئۆکتۆبەر دەداتەوە - لاپەڕە 10

## درێژەی.. گرێکوێرەی موچە!

بەشە بودجەی هەرێم بنێرێت. هەڵایەکیشیان نایەوەو بەدەسکەوتێکی گەورە بۆ هەرێم و وەفدی ناوبراو ناوزەدیان کرد. ئێمە هەر ئەوکات ووتمان کێشەی نێوان هەرێم و بەغدا کێشەی بودجە نیەو کێشەکە لەوە زۆر گەورەترەو ریشەکەی لە خودی جێگاورێگای تازەی هەرێمە لەناو عێراقدا و گۆرانکاری لە هاوکێشەی سیاسی نێوان هێزە دەسەلات بەدەستەکانی عێراق و کوردستانە، کە بەزیانی ناسیۆنالیزمی کوردو دەسەلاتەکەی گۆرانی بەسەردا هاتوە و دەبێ دوبارە بەپێی ئەم هاوکێشە تازەیە پێناسە بکرێتەوە.

ئەوەتا دوای ئەو شایی و لۆغانەی دەربارەی رێکەوتنی بودجە کردیان، جارێکی دیکە هەموو ریسەکەیان بووەوە بەخوری و چوونەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم. بێگومان لیستی مووچەخۆرانی هەرێم کە حکومەتی ناوەندی داوای دەکات یەکێکە لەو بیانوانەی حکومەتی هەرێم بەدەستیەوە گیری خواردوە. حکومەتی هەرێم دەیان هەزار فەرمانبەری بندیواری هەیە لەسەر میلاکی دوو حزبی دەسەلاتدار و هەروەها حزبە هاوپەیمانەکانیان، کە لەسەر حسابی مووچەی فەرمانبەرانی راستەقینەی حکومەت مووچەیان پێدەدرێ! ئەو ژمارەیە مەزەندە دەکرێ بە هەمان ژمارەی مووچەخۆرانی راستەقینە. واتە ئەگەر حکومەتی هەرێم لیستی مووچەخۆرانی راستەقینە بنێرێ بۆ بەغدا و بەپێی ئەوە بەشی مووچە لە بودجەی هەرێم دەست نیشان بکرێ، ئەوا دەبێ حکومەتی هەرێم و یان راستتر پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان مووچەی بندیوارەکانیان ببرن کە هەموویان کادرو ئەندام و دۆستەکانیانن و بەشێکە لە سیستەمی بەرتیلخۆری سیاسی ئەو حزبانەو ئاشی سیاسەت و مانەوەی خۆیانی لەسەر دەگێرن! بەبێ ئەو بندیوارانە کە ملیۆنەها دۆلاری موفتیان لەسەر حسابی فەرمانبەرانی راستەقینە پێدەدرێ، ئەم حزبانە ناتوانن لەسەر کورسی دەسەلات بمێننەوە، چونکە بەشێکی بەرچاوی ئەو حەشاماتەی لەدەوریان کۆبوەتەوە بەهۆی ئەو ئیمتیازە زۆروزەوەندە مادیانەیە کە لەو حزبانەوە دەستیان دەکەوێ.

بەلام هەروەکو وتمان سەرچاوەی کێشەکە نە مەسەلەی لیستی موچەخۆرانەو نە رادەستکردنی داهاتی نانەوتی و بگرە داهاتی نەوتی هەرێمە بە بەغدا، ئەمانە روالەتی کێشەکە و بیانوەکانن. جەوهەری کێشەی نێوان بەغداو هەرێم هەرئەوەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوە، واتە دوبارە پێناسەکردنەوەی پێگەی هەرێم و حزبە بۆرژواییەکانی کوردستان لەناو چوارچێوەی عێراق و بەرامبەر بە هێزەکانی بۆرژوازی عەرەبیدا لە دوای ریفراندۆم و روداوەکانی ١٦ ی ئۆکتۆبەر ...بۆیە لە پرۆسەی دوبارە پێناسەکردنەوەی ئەم هاوسەنگیەدا ململانێ لەسەر هەموو پرسێکی بچووک و گەورە کاریگی چاوەروانکراوە. دەنا کاتێک کە ئەو هاوسەنگیە بە قازانجی حزبەکانی بۆرژوازی کوردبووە، هەمان کێشەی مووچەخۆری بندیوار لە کوردستان هەبووەو بگرە چەندین ئیمتیازی دارایی و سیاسی دیکە دراوە بە حزبەکانی بۆرژوازی کورد ( بەتایبەتی یەکێتی وپارتی) لەلایەن حزب و هێزە دەسەلاتدارەکانی بۆرژوازی عەرەبیەوە. بەلام تێکچوونی ئەو هاوسەنگیەو بەرزبونەوەی بانگەشەو چاوەروانیەکانی هێزەکانی بۆرژوازی عەرەبی و بەتایبەتی رەوتی ئیسلامی-ناسیۆنالیستی بەرامبەر بە ناسیۆنالیزم و بۆرژوازی کورد، هەرجارەی پرسێک گەرم دەکاتەوە بۆ بردنەپێشەوەی ململانێ و کێشەکانی لەگەل حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستاندا. پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم یەکێکە لەو پرسانەی کە لەم هەلومەرجەدا و لەم هاوسەنگی هێزەدا لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە یەخەی حکومەتی هەرێم و حزبە دەسەلاتدارەکانی پێدەگیرێت و ساغکردنەوەی ناردنی بەشە بودجەی هەرێم دەکاتە گرێکوێرەیەک کە کردنەوەی لە جێگایەکی دیکەدایە.

☆

## پاشماوەی.. بەمەرگی هاوڕێ محمد مستەفا، ..

و سکولاریزم، پەیگیرو راوەستاو دژی هەموو شێوازەکانی کۆنەخوازی و کۆنەپەرستی، روخسارێکی ناسراو و خۆشەویستی ناو خەلکی کەرکوک و دۆستێکی نزیک و هاوکار و پشتوپەنایەکی قایمی حزب و سیاسەتەکانی بووە. بە مەرگی هاوڕێ محمد حزبمان یەکێک لە پشتیوان و دۆستە خەمخۆرەکانی خۆی لەدەستدا. ئێمە بەم بۆنەیەوە جگە لەدەربرینی هاوغەمی وهاوسۆزی، سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هاوسەرو کەسوکار و مندالەکانی، دوستان و ئازیزانی هاوڕێ محەمەد و بەتایبەتیش هاوڕێیان ناهیدە وسیروان دەکەین و لەکەناریاندا بەحەسرەتەوە لەم خەمەدا راوەوەستین. بێگومان کەسایەتی هاوڕێ محەمەد مستەفا مایەی لەبیرکردن نیە و تەنها بەسەبوری و راوەستاوی هەمولایەکمان بەرامبەر بەدەردو مەینەتیەکانی دونیای ئەمرۆ، دەتوانین لەم میحنەتەدا، ئاسەوارەکانی مەرگی محەمەد مستەفا لەسەر خۆمان و ئازیزانی کەم بکەینەوە.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**
**٢٣/٥/٢٠٢١**

☆

## درێژەی .. کۆنفرانسی دەستور ویەکڕیزی!

**ناوەندیدا وەکو یەک بەرەو هێز دەربکەون و لەو ڕێگایەشەوە بتوانن مافەکانی خەڵکی کوردستان لە حکومەتی بەغدا وەربگرن. ئەو کارەشیان وەکو فاکتەری ئاشتکردنەوەی خەڵک لەگەڵ دەسەلات و حزبەکان ناوزەد دەکرد. بەبڕوای ئێوە نێچیرڤان بارزانی ئەم پێشنیارەی بۆچی کردوە، کام پێگەو کام ئامانجی سیاسی لە پشتەوەیە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** پێویستە بەر لەوەی بێینە سەرباسی ئەوەی ئەم کۆنفرانسەیان بۆچی کردوە، با بێینە سەر دۆخێکی سیاسی کە ماوەی سی ساڵە خەڵکی کوردستان بەدەستیەوە دەناڵێنێت. هەرکەسێ سەیری دۆخی کوردستان بکات، لە ماوەی سی ساڵی دەسەلاتی پارتی و یەکێتی و هاوکارانیاندا، ئەوە باش دەبینێت کە ئەزمونی دەسەلاتی سیاسی حیزبەکانی کوردایەتی دۆخی کوردستانیان بەچ جۆرە گێژاوو قەیران و بنبەستێک گەیاندووە، تا ئەو ئاستەی کە هێزە دەسەلاتدارەکان خۆشیان درک بە مەترسی هەرەسی ئەزمونی دەسەلاتەکەیان دەکەن و پەلەقاژێیانە.

سەرنجدان لەو کۆنفرانسەو باسی کەسە سەرەکیەکانی حیزبەکان لەو کۆنفرانسەدا بە ئاشکرا لە قسەکانیاندا ئەوەیان ئەدرکان کە بەرەو ڕووی چارەنوسێکی نادیارو مەترسیەکی گەورەن، لەلایەک لە بەرامبەر چاودێری وولاتانی زلهێزی دنیا و لەلایەک وولاتانی ناوچەکە، هەروەها بەردەوامی بارگرژی پەیوەندیان لەگەڵ بەغدا، لەلایەکی ترەوە لە بەرامبەر نارەزایەتی و نەفرەتی بێپەردەی خەڵک و خواست بۆ کۆتایی هێنان بەدەسەلاتیان، هەر بۆیە لە بەردەم دەرگایەکی داخراو لەناو بازنەیەکی داخراودا ئەسورێنەوەو گیریان خواردوە.

لەکاتێکدا کە هەڵبژاردنەکانی عێراق بەرێوەیە، سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی تری بەشداربوو لەدەسەلاتدا، لەم دەورانەدا زیاتر پێشبینی ناتەبایی و ناکامی دەورو پێگەی خۆیان لەو هەڵبژاردنەو پەیوەندیان لەگەڵ بەغدا دەکەن. بۆ خۆیان پێیانوایە گەر پێشتر جێگاو ڕێگایەکیان بوبێت لە بەغدا، ئەگەری ئەوە زۆرە کەئەم جارە پاشەکشەی زیاتریان پێ بکەن وە بەشێکی زۆرتر لەدەستکەوتەکانیان لەدەست بدەن، هەر بۆیە دەستەواژەی یەکریزی دەبێتە باسی گەرم و سەرەکی تەواوی ئامادەبوانی ئەو کۆنفرانسە. کەسێکی وەک نێچیر بارزانی هەر لەو ناچاریەی کە پێیوایە لە ئەگەری هەرەس و داروخاندان، هەوڵئەدات ڕێگایەک بۆ دەرچون لەو قەیرانە پەیدا بکات، بەو ئاراستەیەش لایەنەکان ناچار دەکات کە باسەکانی کۆنفرانسەکە دەربارەی یەکریزی کوردو دانانی دەستور برازێننەوە، بەلام ئەوەی جێگای سەرنجە بەهەر نەرمیەک کە ئەو سەرکردانە لە بەرامبەر یەکتردا نواندیان و وەها نیشانیان داین کە ئامادەن بۆ یەکریزی و دانانی دەستور، بەلام بەهیچ جۆرێک متمانەی ڕێگا چارەیەک و هەنگاوێکی عەمەلی بۆ دەرچون لەو قەیرانەی بۆخۆیان ئاماژەی پێ ئەدەن پەیدا نەکردو هیچ نەخرایە ڕوو. یەکریزی و دەستوریش جگە لەوەی دوو مەقولەی مەجلس گەرمکردن بوون، هیچی تری لێ شین نەبوو، چونکە دۆخی سیاسی کوردستان و بارودۆخێک کە بزوتنەوەی کوردایەتی کەوتوەتە ناوی، بۆ خۆشیان باشدەزانن کە یەکریزی و دەستور فریاد رەسیان نیەو نابێت. بە ڕوشنی ئەو کۆنفرانسە ئەوەی پێوە دیاربو کە نەک ڕێرەوی کێشەیەک کە خۆیان ناوی دەنێن نەبوونی یەکریزی و دەستور وەلام بە قەیران و کێشەکانیان ناداتەوە، بەڵکو جارێکی تر ئەو دۆخە دوپات دەکەنەوە کە هیچ ئالوگۆرێکی جدی و ئەرێنی لەدەسەلاتی سیاسیاندا نیشان نادەن. لە هەمان کاتدا لەوانەش گرنگتر ئەم دەستپێشخەریەی نێچیربارزانی بە ڕوشنی ئەوەی تیا بەدی دەکرێت کە هەوڵدانێکی زیاترە بۆ بەرز ڕاگرتنی پێگەی بنەماڵەی بارزانی و پارتی، تائەوەی بتوانن کێشەکانی نێوان خۆیان یەکلایی کەنەوە.

**ئۆکتوبەر: ئایا کێشەی خەڵک لەگەڵ ئەم حزبانە و دەسەلاتی هەرێم ئەوەیە کە یەکریز نین!؟ یاخود خەڵک کێشەی بنەرەتی و جیاوازی دیکەی لەگەڵ ئەم حزبانەو دەسەلاتی بۆرژوازی کوردا هەیە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** بە بۆچونی من پێویستمان بەهیچ بەلگەو باسێک نیە تا بیسەلمێنن کە دەسەلاتی پارتی یەکێتی و هاوکارانیان هیچ ئەزمونێکی ئەرێنیان بەقازنجی ئایندەیەکی ڕۆشن بۆ چارەنوسی خەڵکی کوردستان دیاری کردبێت، هەروەها تەواوی سی ساڵەی دەسەلاتی ئەم هێزە میلیشیاییانە ئەوپەڕی نمونەی جەردەیی و تالانی و گەندەڵیان لە ئاستێکی بەرفراوانی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسیدا نیشان داین، زۆر دەمێکە جەماوەری نارازی کوردستان خواستی کۆتایی هێنانی ئەم دەسەلاتەیان بەرز کردۆتەوە. ئاستی بێزاری و تورەیی خەڵک لە شوێنێکدایە هیچ ئومێدێکیان بەئالوگۆر لە ناو ئەم دەسەلاتەو چاکسازیەک کە ئەم دەسەلاتە بیکات، نیە. بە مانایەک کێشەی خەڵک لەبەرامبەر ئەم هێزە سیاسیانەدا ئەم خاڵە نیە، چونکە هەر هەموویان یەکریزو تەباو شەریکن لە جەردەیی و تالانی و قۆرخکردنی سامانی کوردستاندا. دەتوانین ئەو نمونەیە باش ببینین کە کێشەکانی نێوان هەردوو زۆنی زەردو سەوز تەنها دەربارەی قۆرخکردنی سەرمایەو کەلەکەکردنی سەرمایەیە بەهەر بەهایەکی نائیسانی لەسەر ژیانی سەدان هەزار کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش، هەر بۆیە لە کۆنفرانسێکدا لەبری ئەوەی دەست بخەنە سەر برینەکانی دانیشتوانی کوردستان یان نالاندن و بێزاری خەڵک

## پاشماوەی .. کۆنفرانسی دەستور ویەکرێزی!

لەدەسەڵاتی بنەماڵەو سەرکردەکانیان، یان داخوازیەکانی خەڵک، باسێکی بێمانا و پوچی وەک یەکرێزی و دەستور بەخەڵک دەفرۆشنەوە، ئەم کۆنفرانسە جگە لە سەوداو مامەڵەی نێوان خۆیان هیچ پەیوەندیەکی بە ئایندەی کوردستانەوە نیە و نایانەوێ و ناتوانن کوردستان لە زەلکاوی سەرگەردانی و ناجێگیری سیاسی دەربازبکەن.

دەتوانم بڵێم قسەی سەرکردەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامیەکان لە ناو کۆنفرانسەکەو دەرەوەی کۆنفرانسەکە، جگە لە نائومێدیەکی زیاترو چاوەڕوانیەکی بێهودە شتێکی تریان بە خەڵکی کوردستان ڕانەگەیاند.

**ئۆکتۆبەر: ئایا لەرێگای یەکرێزی ئەوانەوە دەتوانرێ مافەکانی خەڵکی کوردستان لە دەوڵەتی ناوەندی وەربگرێت و بەدەستبێت! یاخود ئەمە کەمپینێکی هەڵبژاردنەو پێویستیان بە دەنگی خەڵک هەیە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێز لەگەڵ هێزە ئیسلامی و ناسیۆنالیستە عێراقیەکاندا تا بەشی خۆیان لە داهات و دەسەڵاتی عێراق بەدەست بهێنن؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** باسکردن لە یەکرێزی لەدوای سی ساڵ لە پۆخڵەواتی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و بە بەشداری ئیسلامیەکان، بەباشی ئەوە دەخاتەڕوو کە کێشەکان زۆر بەرفراونترو واوەترە ، کەتەنها لە پەیوەندیەکی نەگونجاوی نێوان بەغداو هەرێم بۆی بڕوانین. تەواوی ئەم هێزە میلیشیا ناسیۆنالیستی و ئیسلامیانە زادەی زەلکاوی واقعیەتێکن کە شەڕو دەوری ئەمریکاو دەخالەتێک کە لە ناوچەکەدا بەدیهێناوە، بەمانایەک بزوتنەوەی کوردایەتی لە ماوەی دەسەڵاتی ئەو سی ساڵەیاندا لە نمونەی دەڵاڵی وبازرگانی شەڕ نەبێ شتێکی تر نەبون، هەر لەو مەوقعیەتەشەوە توانیویانە گەورەترین سوود لە دابەشکردنی کوردستان بە زۆنی زەردو سەوز ببینن، وەنان لەوە بخۆن کە نەک ئایندەی کوردستان ڕۆشن نەبێت، بەڵکو لەناو گێژاوو ناجێگیری سیاسیدا بۆ هەمیشە بیهێڵنەوە، هەرئەمەش بۆتە مایەی دۆشداماوی و بێسەروبەرییان.

هەڵبەتە لە ئەزمونی سی ساڵی دەسەڵاتیاندا چەندین جار ڕێکەوتنی ستراتیجی و حکومەتی بنکە فراوان و شەراکەت لەدەسەڵاتدا، بەهەر شێوازێکی کاریکاتۆریش بێت پیادەیان کردووە، یان بەقەولی خۆیان هەندێجار لە بەغدا یەک دەنگ بوون، بەڵام کێشەو بارگرژی هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستان وە دەخالەتی وولاتە ئیمپریالیەکان و وولاتانی ناوچەکە سەرگەردانی تەواوی داوە بە دۆخی سیاسی کوردستان.

دەتوانم بڵێم ئەو دۆخە زۆر لەوە فراوانترو ناتەباترە تا مەسەلەکە لەو چاوەڕوانیەوە سەیر بکەین کە ئەگەر هیزە کوردیەکان یەکرێزبن دەتوانن کێشەکانیان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەن، بەڵام چ دەسەڵاتی بەغدا چ هەرێم

یەکەم: لەژێر کاریگەری تەواوی دەخالەتی وولاتان و بونی جۆرەها هێزی میلیشیادان و لەهەمانکاتدا هیچ ئایندەیەک بۆدامەزراندنی حکومەتێکی ناوەندی چ لە هەرێم و چ لە بەغدا ئیمکانی نیە.

دووەم: دەسەڵاتی هەرێم و بەغدا لەبەرامبەر تورەیی و نارەزایەتی بەرفراوانی خەڵکدا قەراریان گرتووە، خواستی کۆتایی هاتنی ئەم دەسەڵاتانە هیچ بوارێکی بۆ ئاشتەوایی نێوان دەسەڵات و خەڵک نەهێشتۆتەوەو تەواو بە بنبەست گەیشتووە.

لەگەڵ ئەوەی لایەنەکان لە عێراق و کوردستاندا خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئامادە دەکەن، بەڵام بۆ خۆشیان ئەوە زۆر باش دەزانن کە دۆخی ئەم هەڵبژاردنە ئەوە نیشان دەدات کە ڕێژەیەکی کەمی خەڵک بەشدار بێت، بۆیە بەهەر ماستاوکردن و ڕیکلامێکی چەواشەکارانە هەولئەدەن سەرنجی خەڵک ڕاکێشن بۆ بەشداریکردن لە دەنگداندا، بەڵام فراوانبونی خواستی کۆتایی ئەم دەسەڵاتە بەشەڕی دەستەویەخە، لە بەرامبەر ئاراستەی بەشداریکردن لە دەنگدان هەنگاو بە هەنگاو بەجۆرێک بەرجەستە دەبێتەوە، کەدەسەڵاتداران دەستەوستان ماونەتەوەو گاڵتەجاری پەرلەمانی کارتۆنیان زیاتر ئاشکراو ڕیسواتر دەبێت، لە هەمان کاتدا یەکرێزی وەک قسەیەکی پوچ بەناویاندا دەوران دەکات، ڕێگای دەنگدان و پەرلەمانیش ناتوانێ سەنگی مەحەکی هیچ هێزێک بێت بۆ پێگەو دەسەڵات لە کوردستاندا.

★

**دابینکردنی ڤاکسینی کۆرۆنا بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بەخۆرایی، ئەرکی حکومەتە !**

## پاشماوەی .. هاوڕێ سالار جەبار، ناسراو بەساڵاری ئاسنگەر بۆ هەتاهەتایە بەجێیهێشتین!

هاوڕێ سالار جەبار هەڵسوڕاوێکی کۆمۆنیستی ماندوونەناس و خەباتکارێکی ڕێگای ئازادی و یەکسانی چینی کرێکارو سەرجەم جەماوەری چەوساوە بوو، کە هەر لە سەرەتای تەمەنی لاوێتیەوە پەیوەندی دەکات بە گروپ و ڕێکخراوە کۆمۆنسیتی و چەپەکانەوەو خەباتی خۆی دژی ڕژێمی سەدام لەچوارچێوەی خەباتی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا بەرەوپێش دەبات. لەڕاپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ دا یەکێک بوو لە بەشداربوانی ڕاپەڕین و دواتریش هەڵسوڕاوێکی چالاکی شوراکان و بزوتنەوەی شورایی بوو لە شاری سلێمانی. دوای پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، چالاکی سیاسی و کۆمۆنیستی خۆی لە چوارچێوەی حزبدا درێژە پێداو هاوکات یەکێک بوو لە هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست کە لەناو پێشەوەراندا کارو چالاکی جەماوەری و سیاسی دەکرد. لەریزەکانی حزبدا هەمیشە یەکێک بوە لەو کادرە دڵسۆزو فیداکارانەی کە بە گیانی خۆی بەرگری لە حزب و لە ئامانجەکانی دەکرد. هەمیشە وەکو کادرێکی عەمەلی لەهەموو شوێنێکدا کە حزب پیویستی پێی بووبێت ئامادەبووە. دوای پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، هاوڕێ سالار چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی لەناو ئەم حزبەدا درێژە پێداو لە سەرجەم چالاکیەکانی حزبدا دەورێکی بەرچاوی هەبووە. لەخەباتی جەماوەری و نارەزایەتیەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و مامۆستایان و فەرمانبەراندا هەمیشە لەڕیزی پێشەوەدا بووە. جەسارەت و پەیگیری هاوڕێ سالار بۆ بیروباوەرو حزبەکەی و بۆ ئامانجە یەکسانیخواز و ئینسانیەکانی و ئامادەیی لەهەرچی جموجوڵێکی ڕەوای جەماوەریدا ئەوی لەناو هاوڕێ و دۆستەکانیدا خۆشەویست کردبوو.

هاوڕی سالار لەجوڵانەوەی ١٧ی شوباتی ساڵی ٢٠١١ و هاتنەمەیدانی جەماور لەدژی دەسەلاتی بنەماڵەیی کوردایەتی، ڕۆڵیکی کارای هەبوو وە یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەنجومەتی سەرای ئازادی و پەیگیر لەسەر داخوازی و ئامانجەکانی ئەم بزوتنەوەیە راوەستابوو. سەرباری ئەوانە، هاوڕێ سالار بەردەوام ئامادەبووە بۆ هەرکارێک کە حزب پێی سپاردبێت یاخود بزوتنەوەکە پێویستی پێی بووبێت. هاوڕێ سالار لە چالاکیە مرۆڤدۆستیەکانی حزب و ڕێکخراوە رادیکاڵ و مرۆڤدۆستەکاندا بەشداری کردوەو پشتیوانی کارەکانیانی کردوە. لەو چالاکیانەی کە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان یاخود گروپی هانا بۆ کۆمەک بە ئاوارەکان و چەندین ڕێکخراوی دیکە ئەنجامیان داوە بەشداری جدی و چالاکانەی هەبووە. هاوڕێ سالار سیمای ناسراوی چالاکیەکانی ٨ ی مارس و یەکی ئایارەکانی شاری سلێمانی بوو. هاوڕێ سالار یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە سلێمانی کە خۆبەخشانەو لەخۆبوردوانە دەستی هاوکاری و کۆمەکیان بۆ خەڵکانێک کە پیویستیان پێی بوە ڕاکیشاوە. هاوڕی ساڵار لەدژی دەسەلاتی گەندەڵکاران و بۆ داکۆکی لەماف و ئازادیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحەمتکێش و بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی کۆمۆنیستێکی هەڵسوراوو جەسوربووە و بەم هۆیەشەوە گەلێک جار لەلایەن هیزەسەرکوتگەرەکانی دەسەلاتەوە دەستگیرکراوە.

هاوڕێ سالار، بەداخەوە دوای تەمەنێکی پڕ لە هەوڵ و تێکۆشان لەپێناو ئازادی و یەکسانی و مافەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا، بەهۆی نەخۆشی کتوپڕەوە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ٢٣ی ئایار، ئێمە و هاوسەر و منالەکانی و کەسوکار و هاورێکانی بۆ هەتاهەتایە جێ هێشت و ئازارێکی قوڵی لە ناخماندا دروست کرد.

ئێمە بەبۆنەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنەوە، سەرەخۆشی خۆمان لە ناسکی هاوسەری و منالەکانی و لە کەسوکاری و لە هەموو هاورێ و دۆستانی هاورێ سالار و لە خۆمان دەکەین. هاوکات بە بەردەوامیدان بە ڕێبازەکەی و بەرزڕاگرتنی ئە وئاڵایەی کە هەمیشە بەرزی دەکردەوە، یاد و بیرەوەریەکانی لەناو ویژدانمان دا بە زیندوویی دەهێڵینەوە.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٣ ی ئایاری ٢٠٢١**

★

**ئەم سیستەم و حکومەتە دەبێ بڕۆن.. ئیتر نۆرەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەریە!**

نەخشەڕێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەرامبەر بە بنبەستی حکومەت و دۆخی ئێستای کوردستان
دەقی ئەم بەڵگەنامەیە لەسایتی حزبدا لەم ئەدرەسەوە بخوێننەوە: www.hkkurdistan.org

# مەسرور بارزانی لەنێوان ووتار و کرداردا!

دەشتی جەمال:

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی ئایاری ٢٠٢١ مەسرور بارزانی لە کۆنفرانسێکدا لەشاری هەولێر لەژێر ناونیشانی "یەکریزی و دەستور" وتارێکی پێشکەشکرد. لەم وتارەدا زۆر بابەتی ورووژاند کە دەکرێ لەبارەیانەوە قسەبکرێ، بەڵام ئەوەی من لەم وتارە کورتەدا دەمەوێت لەسەری ڕابوەستم مەسەلەی ئازادییە، بەتایبەتی کە مەسرور بارزانی خەریکە خۆیمان لێدەکات بە پاڵەوانی "داکۆکیکار لە ئازادی" و دەڵێت "پێویستە ڕێز لە مافی هەموو تاکێکی کوردستان و خەڵکی کوردستان بگرین، ڕێز لە ئازادیەکانیان بگرین. ئازادی ڕادەربڕینە، ئازادی خواپەرستییە، ئازادی بیر و بۆچوونی سیاسییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئازادی و بەرەڵایی جیا نەکەینەوە "..

سەرەتا ئاماژەدان بەو خاڵە یەکجار گرنگە کە بۆچی مەسرور بارزانی و حزبەکەی بەو ئەنجامە گەیشتوون کە باس لە ئازادی و ڕێزگرتن لە مافی تاک بکەن و خۆیان وانیشان بدەن کە داکۆکی لە ئازادی دەکەن؟

خاڵەکە ئەوەیە کە قەیرانێکی سیاسی و حکومەتی بەرۆکی بەدەسەڵات گرتووە و ئاسۆیەک بۆ دەربازبوون لێی هێشتا دیار نیە، هێشتا ترس لە تورەیی و بێزاری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش هەورێکە بەئاسمانی کوردستانەوە دەسووڕێتەوە و کەس نازانێ کەی هەستانی جەماوەری و ئەو نارەزایەتییە بەرفراوانەی کە هەموو ڕۆژێک خۆی نیشان دەدات، دەبێتە سێلاوێک و ئەم دەسەڵاتە ڕادەماڵێت، بەتایبەتیش کاتێک باسی ئازادی دەکرێت کەیسی دەستگیرکراوانی بادینان دێتە ئاراوە و هەموو ئەو فشارانە زەق دەبنەوە کە لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستان ڕووبەڕووی دەسەڵات بۆتەوە و دەسەڵاتیش بەتایبەتی پارتی و مەسرور بارزانی ناتوانێ ئەو بڕیارە سەقەتە سیاسی و نایاسایە پینە بکات کە لەپەیوەند بەم کەیسەوە داویەتی. بۆیە مەسرور بارزانی لەم ڕۆژانەدا لە هەمووکات زیاتر پێویستیەتی کە خۆی بە چەمکی ئازادیدا هەڵواسێ و وانیشان بدات لایەنگر بەئازادییە. بەڵام کاتێک ئەم داکۆکیکارەی ئازادی چەمکی "بەرەڵایی" دەکاتە پێوانە بۆ مانای ئازادی، ئیتر هەرخۆی هەموو مانایەک بۆ ئازادی تەنانەت تێگەیشتنی ئازادییەک کە لە ڕۆژئاوادا دابینکراوە، سفر دەکاتەوە، واتە لە ڕوانگەی مەسرور بارزانییەوە ئەو ئازادیە چیە و سنوورەکەی تا کوێیە کە بەرەڵایی نایگرێتەوە؟! هەروەها بەرەڵایی خۆی چیە کە نابێ ئازادی پێی تێبخات؟

ڕۆشنە کە مەسرور بارزانی وەڵامی ئەم پرسیارانە ناداتەوە، چونکە ئازادی بۆئەو ئەتوانێ باری ئەخلاقی بێت، واتە مەبەستیەتی بڵێت ئازادی ئەوەیە کە سنوورەکانی عورف و عاداتی بنەماڵەی بارزانی و چینی دەسەڵاتدار و پیرۆزییەکانی نەخاتە بەردەم ڕەخنەوە، ئەگەرنا ڕووبەڕووی چارەنووسی سەردەشت عوسمان و سۆرانی مامەحەمە و کاوە گەرمیانی و ویداد حوسێن دەبێتەوە .

لایەنێکی تری باسی ئازادی ئەوەیە کە لەدەمی کەسێکەوە دێتەدەر کە هێزێکی گەورە و زەبەلاحی سەرکوتگەر لە میلیشا و دەزگای ئاسایش و پۆلیس و دادگا و لومپەنبازەکانی حزب لەپشتیەوە ڕاوەستاوە و ئامادەن لە هەرلەحزەیەکدا هەر دەنگێکی نارازی خەفە و سەرکوت بکەن، وەیا لەنێو شەقامدا بیدەنە بەرشەق.

شەقکاری مامۆستا و فەرمانبەرانێک کە لەسەر داواکردنی مافەکانی خۆیان خۆپیشاندان دەکەن، چ "بەرەڵاییەک"یان کردووە و کام سنوورەی ئازادییەکەی کاک مەسروریان بەزاندووە؟!

ڕۆژنامەنووسان و هەڵسووڕاوانێکی سیاسی لە بادینان و هەولێر کاتێک نارەزایەتی لەبەرامبەر دۆخێکدا کە کۆمەڵگا تێی کەوتووە دەردەبڕن و دوای گرتن و هەڵکوتانە سەر ماڵەکانیان تۆمەتی "سیخوڕ"یان بۆ دادەتاشن، ئیتر ئازادی و بەرەڵایی، لەچ لایەن و



کەسانێکەوە گیراوەتەبەر، لەکاتێکدا ئەم ماشێنە سەرکوتگەرییە بەدەست دەسەڵاتەوە بێت و هەر خۆشی باس لە ئازادی بکات!

ئەم ڕاستیانە ئەوە دەسەلمێنێت کە تێڕوانین و پێناسەی مەسرور بارزانی و چینی دەسەڵاتدار بۆ ئازادی، لەگەڵ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا تا ئاسمان جیاوازی هەیە، ڕوانگەی چینی دەسەڵاتدار بۆ ئازادی تائەو سنوورەیە کە بنەماکانی دەسەڵات نەلەرزێنێ و نەیخاتە بەردەم مەترسییەوە، هەروەها تائەو سنوورەیە کە بەها و سونەت و ئەخلاقیاتی دواکەوتووانە و باوەڕی کۆنەپەرستانە و فەرهەنگی پیاوسالاری و عەشیرەتی بنەماڵەکانی دەسەڵاتدار نەخاتە بەردەم ڕەخنەوە، هەربۆیە داواکاری ئێوە بۆ ڕێزگرتن لە ئازادی و مافەکانی خەڵک لە وتاریکدا کاریکی ساویلکانەیە و کەسی پێهەڵناخەڵەتێت. باسی ئازادی لە زمانی مەسرور بارزانییەوە ناتوانێ لە دەرەوەی بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرژوازی و سەرمایەداری کوردستان بەدەر بێت کە مانا

# فشاری کونسوڵخانەکان، ڕەنگدانەوەی فشاری خەڵکە لەسەر پارتی و دەسەڵاتەکەی!

## گفتوگۆ لەگەڵ جەمال موحسین



**ئۆکتۆبەر: هاوڕێ جەمال ، باس لەوە دەکرێ کە دووبارە پێداچونەوە بە بڕیاری دادگاییکردنی هەڵسوڕاوانی بادینان‌دا دەکرێت و ئەگەری زۆرە ئازاد بکرێن. بێگومان لەبەرامبەر دادگاییکردنی سیاسیانەی ئەو هەڵسوڕاوانەدا، خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازی کوردستان نارەزایەتیەکی بەرچاویان دەربڕی. هاوکاتیش لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆنسوڵگەری هەندێک لە وولاتانی ڕۆژاوا لە هەرێمی کوردستان هاتنە دەنگ. هەموو ئەمانە پێکەوە فشارێکیان لەسەر دەسەڵاتدارانی کوردستان و حکومەت و بەتایبەتی پارتی داناوە تا ڕێگایەک پەیدابکەن بۆ خۆدەربازکردن لەم زەلکاوەی تێیکەوتوون. بەڕای ئێوە تا چ ڕادەیەک ئەم فشارە کاریگەری لەسەر پارتی داناوە و بەتایبەتی فشاری وولاتانی ڕۆژاوا کە ناوی ئەوانیش لە بڕیاری دادگادا هاتبوو؟ وەکو دەزانن دەسەڵاتدارانی هەرێم هەمیشە لەپاڵ ئەو دەوڵەتانەدا بوون و بە خزمەتکردن بە سیاسەتی ئەوان دەسکەوتی سیاسییان بەدەست هێناوە.**

**جەمال موحسین:** پێش ئەوەی باس لە کاریگەری پەرچەکردارەکان و فشار لەسەر پارتی بکەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دواوە تا لەسەرچاوەوە دەست بخەینە سەر هۆکاری زیندانیکردن و سزادانی هەڵسوڕاوانی بادینان. دەسەڵاتی بۆرژوا_ ناسیۆنالیزمی کورد لە قەیرانی ئابوری و سیاسی و حکومەتیدا پەل ئەکوتێ. ئاستی تورەیی و نارەزایەتی خەڵکیش گەیشتووە بە یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی خۆی بە ڕزگاربوون لەم دەسەڵاتە. بەتایبەتی لەم یەک دوو ساڵەی دوایدا تا هاتووە نارەزایەتیەکان زیادیان کردووە و شێواز و ئامانجێکی تری بەخۆیەوە بینیوە. نارەزایەتیەکانی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ کە ئیتر ترسێکی

## پاشماوەی .. مەسرور بارزانی لەنێوان وتارو کرداردا!

عەمەلییەکەی ئەوەیە: بەشی خەڵکی کوردستان لە پێدانی ئازادیەکان سەرکوت و زیندان و مەحکوم بوونیانە بە سیخوڕی و بەرەڵایی و بەزاندنی پیرۆزیە ئاینی و نەتەوەیی و حزبییەکانی چینی بالادەستە، ئەگەر بکەونە بەرامبەر دەسەڵاتەوە. بەم پێیەش ئەوە سیستەم و دەسەڵاتی ئێوەیە بایەخێک بۆ ماف و ئازادیەکانی خەڵکی جێگای تیا نابێتەوە. تازە وەک ڕەوتێکی ناسیونالستی ئەم سەردەمەش ئەوەندە دوورن لەڕووی ماهیەتەوە لە ناسیونالیزمێکی مۆدێرین کە پایەی ئایدۆلۆجی حزبەکەتانە ئەوەندە دواکەتوو وعەشیرەتگەرە دوورە لە هەموو پرەنسیپێکی ئینسانی. بەم فەرهەنگە داوا لە خەڵک دەکەن "ئازادی و بەرەڵایی جیابکرێتەوە"؟! بەداخەوە سەرمایەداری ئەم سەردەمە ئەحزابی عەشایەر و چەتەگەری وەک ئێوەی تیا جێگە دەبێتەوە تا هێزی کاری هەرزان و قازانجی تیا بەدەستبهێنێت.

جەنابی مەسرور بارزانی، دەبێ ئەوە بزانی کە ئەم وتارەتان جگە لە لۆبیەکی سیاسی بۆ کابینەی حکومەت و دەسەڵاتەکەتان کە بەپیر پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەنگاو دەنێن لەگەڵ بەشداری نەکردن و نارەزایەتی بەرینی خەڵکدا بەرەوڕوون، ناتوانرێت چاوەڕوانییەکی ئەوتۆتان لێ بکرێت. یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ئازادی لە هەر وڵاتێکدا ئازادی بیرورا دەربڕین و ڕۆژنامەگەرییە، کە لەسایەی دەسەڵاتەکەی ئێوەدا پایماڵ و سەرکوت دەکرێت. ئەوەی لە سێ دەهەی ڕابردوودا لە کوردستاندا بەڕێوە چووە جگە لە فەزایەکی ئاوالای سیاسی کە بەرهەمی بەرەنگاری خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانە و ملکەچی دەسەلات و فەرمانڕەوایی و بڕیار و یاساکانی ئێوە نابن و مقاوەمەتیان کردوە، ناتوانرێت بە ئازادی ناوزەد بکرێت. مەسەلەی ئازادی لە بنەڕەتدا لە مێژوودا لەم جیهانە چینایەتییەدا ململانێ و شەڕی دووبەرە بووە، بەرەیەک کە لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و بردنی ڕەنج و ماندوو بوونی کەمایەتییەک سەروەت و سامانی کەڵەکە کردووە، وە بەرەیەکی تر کە شەڕی ئازادی واقعی و کار بۆ بنیادنانی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە دەکەن.

بەڵام گومانی تێدا نیە هەر باشبوونێکی جدی لە ژیانی خەڵکی کوردستان و بەدەستهێنانی ئەو مافانە تەنها و تەنها چۆتە گرەوی ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان لەژێر ڕکێفی دەسەڵات و حزبەکەی مەسرور بارزانی و ئەحزابی قەومی کوردی ئیسلامی دەربهێنرێت تا ئەو مافەنە وەک سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان زامن بکرێت.

★

## درێژەی.. فشاری کونسوڵخانەکان، ڕەنگدانەوەی فشاری خەڵکە لەسەر پارتی ودەسەڵاتەکەی!

زیاتری خستە دڵی دەسەڵاتدارانەوە بە گشتی، پارتیش لە ترسی پەڕینەوەی ئەم نارەزایەتیانە بۆ ناوچەکانی ژێر چەپۆکی خۆی کەوتە زیندانیکردن و ڕاوەدونانی هەڵسوڕاوان و کەسانێکی نارازی لە بادینان. تا بەمجۆرە پێش بە سەرهەڵدانی هەر خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکی خەڵکی برسیکراو بگرێت. کورت و پوخت ئەمە لەو کاتەدا پەیامی ڕۆشنی پارتی بوو بۆ نارازیانی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی خۆی و بۆ کوردستانیش بە گشتی .

یانی تەواوی مەسەلەکە لە نێوان خەڵکی بێبەش و برسیکراو لەلایەک و دەسەڵات و بەتایبەتیش پارتی لەلایەکی ترەوە بوو. هەربۆیە ئەم کردەوە سەرکوتگەریەش هەر زوو ڕووبەڕووی نارەزایەتی و نەفرەتی جەماوەری بەرینی زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخواز بوەوە. دیارە حزبی ئێمەش لەم نێوەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە بۆ گەیاندنی ئەم دەنگە نارازیە و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەم کردەوە سەرکوتگەرانەیە. ڕەنگە ڕووکەشی مەسەلەکە وا دەرکەوتبێ کە پارتی لەو ئامانجەیدا سەرکەوتوو بووبێت کە ئاگرە سوورەی نارەزایەتیەکان لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا لە خۆی دووربخاتەوە، بەڵام هەر ئەوەی کە ئەو نارەزایەتیە زیاتر پەرەی سەند، دیسان کەوتە بەردەم بڕیارێکی قورسترەوە کە ئایا لە دادگای پێداچوونەوەدا بڕیارەکە هەڵبوەشێنێتەوە یاخود پێداگری لەسەر بکات. ئەگەرچی هەردووکیان لەو کاتەدا بۆ ئەو قورس بوو بەڵام هەڵەی پارتی و دادگا کارتۆنیەکانی ئەوە بوو کە دووەمیانیان ئەنجامدا، واتە دیسانەوە سزاکەیان پەسەند کرد.

من وای نابینم کە لەبەرئەوەی لەو دادگایەدا ناوی هەندێک لە کۆنسوڵخانەکانی ئەوروپا هاتبوو بۆیە ئەو وڵاتانەش هاتنە دەنگ. بە واتایەکی دی ئەگەر ئەوەشیان نەکردایە، ئەو هاوارە لە هەندێک وڵاتی ئەوروپی و ئەمریکاوە بەرزئەبۆوە. هۆکاری ئەمە چییە؟ وەڵامەکەی ڕۆشنە، هەر ئەو مەسەلەیەیە کە باسمان کرد، ململانێ و کێشمەکێشی چینایەتی نێوان دەسەڵات بە گشتی و پارتی بە تایبەتی لەگەڵ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا کەوتۆتە شوێنێکەوە کە لەبەرئەوەی خۆشیان دەرگیری قەیرانێکی هەمەلایەنەی ئابوری و سیاسی و حکومەتی و هەتا کۆمەڵایەتین و باڵەکانی نێو خۆشیان هیچیان پێ نییە بۆ دەربازبوون لەو دۆخەی تێیکەوتوون، کەوتوونەتە دژایەتی کردنی یەکتری و نا ئینسجامیەکی زۆر ڕیزەکانیان پەرتەوازەکردووە. خەڵکیش تا دێت تورەترە لێیان و هەر کات بۆی هەڵبکەوێ تەخت و تاراجی دەسەڵاتەیان ئەدات بە یەکدا. ئەم دۆخە بەجۆرێکە کە قابیلی ئەوەیە هەر کاتێک بتەقێتەوە بەڕووی دەسەڵات و پارتیدا. لە گرێژنە دەرچوونی دۆخەکەش بێگومان نەک هەر تەنها بە قازانجی پارتی و هاوەڵەکانی نییە، بگرە بۆ وڵاتانی وەک ئەمریکا و ڕۆژئاوا کە کوردستان بۆیان پێگەیەکی گرنگە و ناوچەیەکی ئارامە زیانێکی ستراتیژیکی گەورەیە. ئەمریکا و ڕۆژئاوا تاکە شوێنێک لێوەی بە ئاسانی دەخاڵەت لە عێراقدا بکەن و هەتا سیاسەت و مەسەلەکانیان لە دژی ئێرانیش بەڕێوە بەرن، کوردستانە. قبوڵیان نییە هەروا ئاسان لە دەستیان دەربچێ و چ جای ئەوەی ئەو زەربەیەش بە دەستی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان بدرێت.

بۆیە بەدەنگهاتنی هەندێ دەوڵەتی ئەوروپی و ئەمریکا لێرەوە سەرچاوە ئەگرێت کە ئەزانن خەڵک لەو دەسەڵاتە هەڵئەستێ، نەک لەپێناو داکۆکی لە خەڵکی هەژار و بێبەشی کوردستان و ئازادیەکانیاندا. هەتا هیچ پەیوەندیەکی بەوەشەوە نییە کە گوایە ئەوان داکۆکی لە ئازادی ئەکەن. باسکردنی ئازادی و داکۆکی لێی لەلایەن ئەم دەوڵەتانەوە وەک نیشاندانی وێنەیەک وایە لە ئاوێنەیەکی چەندپارچە بووەوە! تەماشا بکەن، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردودا چەندین پێشێلکاری دژی ئازادی و زیندانی کردنی خەڵک و هەتا تەقەکردن و کوشتنی خەڵک لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە ئەنجامدراوە، ئەو وڵاتانە دەنگێکیان لێوە نەهاتووە. ئەگەر لە کەیسی ڕۆژنامەنووسێکدا یان مەسەلەیەکی دیاریکراودا شتێکیشیان وتبێ، بەرئەنجامی فشاری خەڵکی ئازادیخواز بووە نەک مەرحەمەتی خۆیان. ئاخر ئەو وڵاتانە خۆیان هەمیشە درۆ و دەلەسەی هەبوونی ئازادیان بڵاوکردۆتەوە و گوایە لە وڵاتەکانی خۆیاندا هەیە (کە بە خەباتی خەڵکیش بەسەر خۆیاندا سەپاوە)، ئیتر چۆن ئەبێ ئەگەر لە شوێنێک پێشێلکردنەکە بەجۆرێک بێ بەرژەوەندی ئەوان بخاتە مەترسیەوە لێی بێدەنگ بن؟! ئەمە جگە لەوەی هەر وڵاتێکی هاوپەیمانی خۆیان کە خۆیان وتەنی سەرەلەقەی سەرکوتگەرانەی کردبێ، تاقە بیانوو کە هێناویانەتەوە بۆ هەڵپێچان لەو هاوپەیمانەیان ئەوە بووە کە ئازادیەکان و مافەکانی مرۆڤ پێشێل ئەکات. لای کۆمۆنیستێک و خەڵکی ئازادیخواز ئەم جۆرە دەخاڵەتەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە ئەندازەی بڕیارەکەی پارتی بۆ سزادنی هەڵسوڕاوان ئێسکی گرانە!

هەمان فشار و مەترسی لەلایەن خەڵکەوە کە پارتی و دەسەڵاتەکەی هەستی پێئەکات، هەر ئەوەیە کە ئەمریکا و ڕۆژئاواش دەرکی ئەکەن. بۆیە ئەوانیش بە ئەندازەی خۆیان فشار ئەهێنن، لە کاتێکدا هەر ئەو فشارەی یەکەمیانە کە ئەمەی دووەمیشیانی بەرهەمهێناوە، نەک بە پێچەوانەوە! ئەمە پەیامێکی ڕۆشنە لەو وڵاتانەوە کە بە پارتی ئەڵێ ئەم ⇦

## پاشماوەی .. فشاری کونسوڵخانەکان، ڕەنگدانەوەی فشاری خەڵکە لەسەر پارتی ودەسەڵاتەکەی!

مەسەلەیە چارەسەر بکە ئەگینا نەک جێگەیەک بۆ ئێوە، بگرە بۆ ئێمەش نامێنێتەوە. هەربۆیە کونسولگەریەکانی ئەو وڵاتانە جگە لە فشار ئەیانەوێ ڕێگەیەک بدۆزنەوە تا پارتی بتوانێ لەمە دەربچێ.

ئۆکتۆبەر: هەروەها حزب لەسەر ئەو کەیسە پێشنیارێکی کردووە کە دەڵێ با لەدادگایەکی عەلەنیدا و بە ئامادەبوونی پارێزەرانی دەستگیرکراوەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەر لایەنێکی پەیوەندیدار و لەڕێگای تەلەفزیۆنەوە دووبارە دادگایی بکرێنەوە و بەڵگەکان بە ئاشکرا بخرێنە بەردەستی ڕای گشتی تا ئیتر ئەو کەیسە لە نهێنیدا نەمێنێتەوە. ئەو پێشنیارەی حزب تا چ ڕادەیەک دەتوانێ ڕێگایەکی دروست بێت بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە؟ ئایا ئەمە مانای دەستبەرداربوونە لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دادگای تاوانی هەولێر سەبارەت بەوان؟

جەمال موحسین: با من لە بەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە دەست پێبکەم، کە ئایا پێشنیارەکەی حزب دەستبەرداربوونە لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دادگای هەولێر؟ نەخێر. مەسەلەی سەرەکی و بنەڕەتی بۆ ئێمە ئەوەیە کە ئەو بڕیارە هەڵبوەشێتەوە و ئەو کەسانە ئازاد بکرێن. وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد پارتی خۆشی ئەزانێ کەوتۆتە چ هەڵەیەکەوە و پێویست ئەکات لێیدەربچێ. بەڵام ئەبێ ڕێگەیەک پەیدا بکات چونکە کەیسەکە لە چوارچێوەیەکی یاساییدا ئاڵۆسکاوە. لە باری سیاسیشەوە پاشگەزنەبێتەوە لەسەری ئەکەوێت و هێندەی تر لای خەڵک ڕسوا ئەبێ و دۆستەکانیشی لێی قبوڵ ناکەن. هەڵیشی بوەشێنێتەوە شکستە بۆی لەبەرامبەر خەڵکدا. نیشانەی ئەوە هەیە کە تا گوژم بۆ شتێکی تر ئەخواتەوە لە دژی خەڵک، بە ناچاری مل بەوەی دووەمیان بدات. تازەترین بەڵگەیەک بۆ ئەوە قسەکانی فازیل میرانیە کە لە ڕووداودا کردی و پێی وابوو کە هەڵە بووە دادگا ناوی ئەو کونسولگەریانەی هێناوە و گوایە نابێ دوژمن بۆ خۆیان زیاد بکەن. ئەمە ئیتر نیشانەیەکە بۆ ئەو پاشگەزبوونەوەیە.

حزب پێداگری لە هەڵوەشانەوەی بڕیارەکە و ئازادبوونی هەڵسوڕاوەکان ئەکات. بەڵام پارتی بانگەشەی ئەوە دەکات کە پرۆسەکە بەشێوەیەکی یاسایی چووەتە پێشەوەو نابێت ئەجندای سیاسی تێکەڵ بکرێت. بەڵام بیجگە لە پارتی هەموو کەسێک و پارێزەرەکانی ئەو هەڵسوڕاوانە دەڵێن دادگاییەکە نا شەفاف و نهێنی و نایاساییە و بەزەبری ئەشکەنجە دان پیانانەکان وەرگیراون. کەواتە دادگاییەکە گرێی یاسایی هەیە و ئەبێ ڕێگایەکی یاسایی بخرێتەڕوو بۆئەوەی ئەم گرێیە بکرێتەوە و بیانوەکانی پارتیش پووچەڵ بکرێتەوە. ئەم پێشنیارەی ئێمە بۆ کردنەوەی ئەو گرێ یاساییەیە. ئەگەر پارتی ڕاست دەکات و ئەوانە تاوانبارن ئیتر دەبێ پێشوازی لەم پێشنیارەی ئێمە بکات. ئێستا ئێمە ئەڵێین با پارێزەرەکانیان و نوێنەرانێکی سەربەخۆی ئەم کەیسە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە بێلایەنەکان و هەر دەزگایەکی ناوخۆیی و جیهانی کە ئەیەوێ بەشدار بن لە دادگایەکی کراوەدا کە میدیا و تەلەفزیۆنەکانیش بتوانن ئامادەی بن. ئەو دادگایە بە کراوەیی و شەفافانە با بچێتە پێشەوە. هەر لایەک تۆمەتی هەیە بەڵگەکانی پێشکەش بکات و لایەنی بەرامبەریش هەموو مافێکی داکۆکی لەخۆکردنی هەبێ. با دادگایەکی لەوجۆرە یەکلایی بکاتەوە. بوونی پرۆسەیەکی وا کۆمەک ئەکات بە شەفاف بوون لە کەیسەکەدا و هەرجۆرە نهێنی و پەنهانیەک ناهێڵێ، بێگومان ئەمەش ڕاستەوخۆ پەخش ئەکرێ و بە ئاشکرا خەڵک ئەیبینێ. من وای ئەبینم کە دادگایەکی لەو جۆرە بێتاوانیی هەڵسوڕاوان ئەسەلمێنێ و بە بەرچاوی خەڵکیشەوە جێگیرئەبێت. پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەگەر جوڵانەوەیەک و هاتنەمەیدانێکی فراوان و زۆر گەورە کە دامێنەی کۆمەڵگا دابگرێ و فشارێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ دروست بکات کە یەکسەر پێیان هەڵبوەشێنێتەوە لە ئارادا بووایە، پێویستی بە پرۆسەیەکی لەو بابەتە نەئەکرد و بگرە بەسەر پارتیدا ئەسەپا. پرۆسەیەکی ئاوهاش بێگومان بە قازانج و ویستی پارتی نییە و ئەمەش دیسان بە زیانی ئەشکێتەوە چونکە جگە لەوەی دۆراوی ناو کەیسەکە دەرئەچێ، متمانەی خەڵک بە خۆی لەبەرامبەر بە دەسەڵاتدا زیاد ئەکات. هاوکاتیش ڕۆحیەتی پێداگری و ئاگایی خەڵکیش لە ململانێی خۆی لەگەڵ پارتی و دەسەڵاتدا بە گشتی ئەباتە سەرەوە. ئەم ڕێگەیە لە ڕوانگەی جەماوەری بێبەش و هەتا مەسەلەی ئازادیەوە پێشکەوتووانەترە لەوەی سەرۆکی هەرێم بە لێبوردنێکی گشتی ئازادیان بکات و بیکات بە مەرحەمەتی خۆی. یاخود ئەوەی کە هەندێک پارێزەر ئەیخەنەبەردەم کە گوایە مادەی سزادانیان بگۆردرێ. خەڵک بە کەمتر لە ئازادکردنیان ڕازی نابێ و ئەم پێشنیارەی حزبیش باشترین ڕێگەیە بۆ دەرکردنی کەیسەکە لەو گێژاوەی تێیکەوتووە. سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە ڕێخۆشکەر ئەبێ بۆ ئەوەی کەسانێکی دیکەش کە زیندانی کراون و هێشتا سزانەدراون ئازاد بکرێن.

هەروەک چۆن تەواوی مەسەلەی دەستگیرکردنی ئەوان ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە ململانێی نێوان خەڵک و دەسەڵاتەوە، ئاوهاش بردنەوەی کەیسەکە بەوجۆرەی لە پێشنیارەکەی ئێمەدا هاتووە، بە قازانجی چوونە پێش و توندکردنەوەی ململانێی خەڵک لە دژی پارتی تەواو ئەبێت.

★

# نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان هوشداری لەبارەی ئایندەی هەرێمەوە دەدات!

## عەبدوڵا مەحمود وەڵامی پرسیاری ئۆکتۆبەر دەداتەوە



**دەربارەی قسەکانی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و ئایندەی هەرێم ئۆکتۆبەر پرسیارێک ئاراستەی عبدلله محمود سەرنوسەری بڵاوکراوەی بۆپێشەوە دەکات؛**

**ئۆکتۆبەر: نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق لە کۆنفرانسی یەکرێزی و دەستوری هەرێمدا کە ئیدریس نێچیر بارزانی سازی کردبوو، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دەڵێت ناکرێ ئیتر هەرێمی کوردستان بەسەر دوو ناوچەی زەرد و سەوزدا دابەش بکرێ و دەبێ دوو زۆنی کۆتایی پێبێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەنگە بارودۆخ و پێگەی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی نەخوازراودا گۆڕانکاری بەسەردا بێت... ئێوە ئەم قسانەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان چۆن لێک دەدەنەوە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** نەتەوە یەکگرتوەکان بەهەموو پێودانگ و بە کردەوەش، لە ژێر هەیمەنەی دەوڵەتی ئەمریکادایە، بۆیە ئەم پەیامە، یان راستر بڵێین ئەم ئاگادارکردنەوەیە، هاوکات پەیام و ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە، لەلایەن ئەمریکا و هاوکات لەلایەن ریکخراوەیەکی نێونەتەوەیەوە. هەروەها راگەیاندنی پەیام و ئاگادارکردنەوەکە لە کۆبونەوەیەکدا کە کەسایەتی یەکەمی حزبەکان، و حکومەت تیایدا بەشداربوون، مەسەلەیەکی جدییە.

بۆرژوازی کورد، ٣٠ ساڵە دەسەڵاتی لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە رادەستکراوە، لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا، ئەم دەسەڵاتە نەک نەیتوانی دەسەڵاتێکی سەراسەری دروست بکات و کەشێکی ئارام و خامۆش بۆ سەرمایە فەراهەم بکات، بەڵکو لەلایەکەوە دوو زۆنی کردە واقعیەتێکی جێگیر و تا ئێستاش ئاسۆیەک بۆ کردنەوەی هەریم بە یەک زۆن و یەک دەسەڵات لەئارادانییە، کە ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی بۆرژوازی کورد یان ئەوەی پیی دەوترێت" یەکرێزی ماڵی کورد". ئەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی تا ئێستا هێشتۆتەوە بە جیا لە پشتیوانی ئەمریکا و غەرب و وابەستەبوونیان بە وڵاتانی ناوچەکە، لاوازبوونی دەسەڵاتی بۆژوازی ناسیونالیست و ئیسلامی عیراق و پەرتەوازەیی ریزەکانیان بووە.

نائارامی و تێکچوونی باری ئاسایشی کوردستان و لەوەش زیاتر دارمانی ئەم دۆخەی هەیە هەمیشە ئەگەرێکی واقعیی بووە. هەر ئاڵوگۆڕێکی ناوچەیی، یان هێرشی هەریەک لە وڵاتەکانی ئێران و تورکیا، تەنانەت هێزێکی وەکو حەشدی شەعبی، دەتوانێت دۆخی کوردستان تێک بدات... نەبوونی سەقامگیریەکی جێگا دڵنیایی درێژ خایەن، واقعیەتێکە، کە هەمیشە هەرەشەیە لەسەر کەڵەکەی سەرمایە... وە نەبوونی سەقامگیریەکی دریژخایەن و زامنکراو لە باری سیاسیەوە، بەردەوام بواری دەستێوەردانی دەرەکی و راستەوخۆ و ناراستەوخۆ زیاد دەکات...

لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و دوو زۆنیدا، ریزی بۆرژوازیش شەق و نا هاوئاهەنگە. چۆن هەموو پرس و مەسەلەیەکی سیاسی و ئیداری و ئەمنی و کارگێری و سەربازی و هەواڵگری دابەش کراون، ئاواش جموجۆلی سەرمایە لەهەرکام لە زۆنەکاندا وابەستە بە قەڵەمرەوی ئەو دەسەڵاتەیە و زۆرتریش قۆرغی هەیمەنەی حزبییە. ئەم دۆخە جێگای نیگەرانی ئەمریکا و غەربە، هەروەها مایەی نیگەری بۆرژوازی ناوخۆشە، بۆیە ئاگادارکردنەوەی ئەم دەسەڵاتە لەم واقعیەتە کە دەگمەنە لە ئاستی دنیادا، بۆتە پێداویستی بۆرژوازی لە ئاستیکی فراواندا.

بەتایبەتی و لە کاتێکدا عێراق خەریکە دەبیتەوە بە مەیدان و چەقی سەرنجی بۆرژوازی دنیا، و هەوڵەکان بۆ دوبارە سازدانەوەی دەوڵەتی عێراق و جێخستنی دەسەڵاتێکی سەراسەری و قوتبی، دەستیان پێکردووە، لەبەرامبەردا هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی هەرێم بەرەو پەراوێزخستن دەچێت بە بەراورد بە رابردوو، ئەمە نەک تەنها لەسەر ئاستی دنیا و ناوچەکە، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراقیشدا پێگەی بۆرژوازی کورد و هەرێم و حزبەکانی بەرەوداکشان هاتووە... ئەگەر ئەگەری هیچ هێرش و ئاڵوگۆڕێکی ناوچەیی، یان قوڵبونەوەی کیشەی ناوخۆی حزبەکابەکانیش هەرەشە نەبن لەسەر ئەم دۆخەی هەیە، ئەوا بەهەر ئەندازە دەسەڵاتی بۆرژوازی عەرەب بەرەو قوتبی بوونەوە و پێگرتن بچێت، بەهەمان ئەندازەش دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و زۆنەکان، سنوردارتر دەکرێن و دەسەڵاتەکان کلک و گوێیان دەکرێت.

ئەم پەیامەی نوینەری نەتەوە یەکگرتوەکان بە پلەی یەکەم ریشەی لەو

⇦

## درێژەی.. نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان هوشداری لەبارەی ئایندەی هەرێمەوە دەدات!

واقعیەتەدایە. تەنانەت گەڕانەوە بۆ دەستور و پابەند بوون بەو دەستورەی کەهەیە، دەتوانێت ئاڵوگۆری زۆر بەسەر ساحەی سیاسی عیراق و پەیوەندی هەرێم بە بەغداوە بهێنێت... گێرانەوەی داهات و سامانە سروشتیەکانی وەکو نەوت و غاز، سنورەکان، سوپا، بەرگری، ئەمنیەت، پەیوەندییە نیودەوڵەتیەکان... هەموو ئەمانە کە دەستور پاڵپشتیان لێدەکات، بەمانای لێ سەندنەوەی دەسەڵاتە لە پارتی و یەکیتی و تا رادەیەکی زۆریش دەرکێشانی سەرچاوەکانی دزی و تالانییە لە دەستیان... دیارە ئەم پرۆسەیە بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەر و کۆتایی هاتنی شەری داعشەوە دەستی پیکردووە. چەند ساڵیکە بۆرژوازی کورد ئاستی داواکانی لە بەغدا و بۆرژوازی عێراقی داکشاوە بۆ ناردنی موچە و ڕیکەوتنی کاتی بۆ فرۆشتنی برێکی نەوت بە نرخی سۆمۆ. ئایندەی ئەو ڕیکەوتنامە بەرق ئاسایەش، کە شایی و لۆغانیان بۆکرد، بە کردەوە بەبن بەست گەیشتووە...هەروەها دەسەڵات هیچ متمانەیەکی لای جەماوەر نەماوەو خواستی رامالینی دەسەڵات، بە پانیایی هەردوو زۆنەکە، شەپۆل دەدات.

ئاگادارکردنەوەی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان، بە ئاگاهێنانەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی سیاسی کوردە، لەم ئاڵوگۆڕانەی بەکردەوە دەستی پێکردووە، بەڵام پارتی و یەکێتی بەهۆی نقومبوونیان لە تالانی دزییدا، توانایی بینینی ئاکامەکانی ئەم ئاڵوگۆرانەیان نییە...

بەڵام کێشەکە تەنها پەیوەند نییە بە دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە، بەڵکو هاوکات پەیوەندە بەچارەنووسی خەڵکی کوردستانیشەوە. لەوەش زیاتر چارەنووسی خەڵکی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی دۆسیەیەکە ئەمریکا و غەرب ناتوانن شانی خۆیان لەبەرامبەردا خاڵی بکەنەوە، چونکە هەموو ئەو دۆخەی لە هەرێمدا هەیە، بە دەسەڵاتی تالانچیتی پارتی و یەکێتیشەوە، ئەمریکاو غەرب لێ بەرپرسن.

بێگومان ئەم دۆخەی ئێستای سیاسی کوردستان، بەم شێوەیەی ئێستا نامێنێتەوە، بەڵام ئەوەی زەمانەتی ئەوە دەکات لەو ئاڵوگۆڕانەی دەستیان پێکردووە، کارەساتی بۆ خەڵکی کوردستان و ئایندە سیاسیەکەی بەدواوە نەبێت، لەگرەوی ئامادەیی و کۆبونەوەی خەڵکی کوردستاندایە لەدەوری بەدیلی شۆرشگێرانە و سۆشیالیستی... رامالینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، یەکێک لەو ئەرکانەیە، کە دەتوانێت ڕێگە بگریت لەوەی شکستی بۆرژوای کورد، ببیتە مایەی کارەسات، بۆ خەڵکی کوردستان.

☆

# کرێکاران! جەماوەری بەشمەینەت!
# دەسەڵات تەمەنی خۆی کردووە و ئیتر نۆرەی دەسەڵاتداریێتی خەڵکە!

**حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو ئەوەی نوێنەری چینی سەرمایەدارن، ٣٠ ساڵە ئەزمونی سیستەم و دەسەڵاتێکیان کردووە کەسەراپا لەگەڵ ژیان و بژێوی و حورمەتی ئینسانی ئێوەدا ناکۆکە. ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بیکاری و ستەمەگەری و ئەو جیاکاریە چینایەتیە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانە و حکومەت و سیستمەکەیان بۆ قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە رایان گرتووە، بۆیە ئیتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و حاکمیەتی ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کاتی هێنانەمەیدانی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و خەڵکی نارازیەوە. کاتی خۆڕیکخراوکردنە لە شوراکان و ئەنجومەنەکانی شاردا. کەوایە با لەشوینی کارو ژیاندا، لەگەڕەک و فەرمانگەو بەریوەبەرایەتیەکاندا، دەستبخەیەنە نێودەستی یەک و لەدەوری یەکتر کۆبینەوە و نوێنەرانی خۆمان لەکەسانی دلسۆزو جەسور هەڵبژێرین و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکان لەدەست بگرین و لەم ڕیگایەشەوە بەردی بناغەی دەسەڵاتداریێتی جەماوەر دامەزرێنین!**

# عێراق؛ ١٣ ملیۆن هەژار و ١٥٠ ملیار دۆلاری دزراو!

**موحسین کەریم**

وەزیری پلاندانانی عێراق ڕایگەیاند کە ٤ ملیۆنی دیکەی خەڵک کە دەکاتە١١,٧٪ ی دانیشتوانی عێراق لەبەردەم هەڕەشەی ڕۆچوون بۆ ناو هێڵی هەژاریدان بەهۆی کاریگەریە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی پەتای کۆرۆناوە. بەمەش ڕێژەی هەژاری لە عێراقدا بۆ ٣١,٧٪ واتە ١١,٤ ملیۆن کەس بەرزدەبێتەوە!

لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ( CNNی ئەمریکی)دا بەرهەم ساڵح ، سەرۆک کۆماری عێراق ڕایگەیاند کە لە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا تا ئێستا بایی زیاتر لە ١٥٠ ملیار دۆلار پارەی نەوت دزراوە.

ئەگەر ئەم دوو هەواڵە بەراورد بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بۆچی نزیکەی ١/٣ ی خەڵکی عێراق لە هەژاریدا دەژین! لەماوەی ١٧ ساڵدا، بەپێی دان پیانانی کەسێک لە لوتکەی دەسەڵاتی عێراقدا، ١٥٠ ملیار دۆلار پارەی نەوت دزرابێت، لەلایەن بەرپرسانی حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکانی عێراقەوە بە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەوە، بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکیە ئەمریکی و بەریتانی و ئەوروپی و ڕووسی و چینی و ئێرانی و تورکیەکاندا و ڕەوانەی بانکەکانی ئەوروپا کرابێت، دەبێ چەندی دیکە ژێربەژێر هەر لەلایەن ئەم گروپە تالانچی و چەتەو مافیایەوە دزرابێت و بۆ بەرژەوەندی خۆیان و ئەو دەوڵەتانەی ئەوانیان وەکو پاسەوانی بیرە نەوتەکانی عێراق داناوە!؟ ئەگەر هەر ئەو برە دان پێدانراوە هەژمار بکەین، ساڵانە لەماوەی ئەو ١٧ ساڵەدا ، نزیکەی ٩ ملیار دۆلار پارەی داهاتی نەوت دزراوە. ئەگەر تەنها حساباتێکی خێرا بۆ ئەم پارە دزراوە بکەین، دەتوانین تەسەوری ئەوە بکەین کە بەو برە پارەیە دەتوانرا چ خزمەتگوزاریەک پێشکەش بە هاوڵاتیانی عێراق بکرێت! دەکرا چەند خوێندنگاو خەستەخانەی حکومی کە بەخۆڕایی خزمەتگوزارییان پێشکەش بە هاوڵاتیان بکردایە، دروست دەکران!؟ ئایا کێشەی کارەبا لە عێراقدا دەما!؟ ئایا کێشەی ڕێگاوبان و خانوبەرە لە عێراقدا دەما؟ ئایا بێکاریک دەما کە بیمەی بێکاری وەرنەگرێت!؟ و.. تا دوایی.

کەواتە لێرەوە دەردەکەوێ کە ئەوەی لە عێراقدا هەیە، حکومەت نیە، دەوڵەت نیە، کۆمەڵێک باندی مافیاییە کە لەژێر ناوی ئەحزابی سیاسیدا کاردەکەن و هەریەکەیان سەریان بە دەوڵەتێک و بە چەند کۆمپانیاوەیەو خەریکی تالانکردنی داهاتی گشتین و ژیانی شاهانەیان بۆ خۆیان و منال و خێزان و نەوەکانیان مسۆگەر کردوە، خەڵکی عێراقیشیان لە هەژاری و برسێتی و نائارامی و شەڕ و کوشتار و نەبوونی سەرەتایی ترین خزمەتگوزاریەکاندا ڕاگرتووە!

ئەم دەسەڵاتە مافیایی و چەتەگەریەی کە بەوجۆرە داهاتی گشتی تالان دەکات و خەڵکی برسی و بێماف و برسی و ڕوتورەجاڵ کردوە، نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانیشیان بۆ ژیان و گوزەران و دژی گەندەڵی و تالانچیتی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی بە کوشتار و ڕفاندن و تیرۆر وەڵام دەداتەوە، بەرهەمی ڕاستەوخۆی داگیرکاری ئەمریکاو دیاری دەستی وڵاتانی بۆرژوایی ڕۆژاوایە بۆ خەڵکی عێراق کە بەناوی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری سەدامەوە بۆ خەڵکی عێراقیان هێنا! بۆرژوازی ڕۆژاوا بەناوی ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدامەوە، بنەمای کۆمەڵگای عێراقی هەڵتەکاندو وێرانی کرد. بنەما و ژێرخانی ئابوری و پیشەسازی و خزمەتگوزاری عێراقی هەڵتەکاندو دەسەڵاتی دەوڵەتیشی دایە دەست کۆمەڵێک مافیا کە تات و بۆینباخی دیموکراسی ڕۆژاواییان لەبەرکردبوو.

ئەم ڕاستیەی ژیانی خەڵکی عێراق، لەلایەکەوە پووچەڵبوونی بانگەشەکانی بۆرژوازی ڕۆژاوایی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادیی خەڵکی عێراق لەدەستی دیکتاتۆریەت نمایش دەکات، و لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕاستیە دوپات دەکاتەوە کە ڕێگای ڕزگاربوون لە دیکتاتۆریەتی بۆرژوایی، زەلکاوی دیموکراسی ڕۆژاوایی نیە، بەڵکو سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمە وەکو بەدیلێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی- ئابوری کە مرۆڤ و ژیان و گوزەران و کەرامەت و ئازادیەکانی تێیدا بنەماو ئەسڵە.

★


ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

00964(0)770 047 5533

muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
موحسن کەریم
Mob: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕیکخراوی دەرەوە:
دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjaml@gmail.com
نوری بەشیر
Mob: 0044(0)7476204121
Email: nooribashir1@yahoo.com